یادی کۆچی ناوەختی یاری زان و ڕاهێنەری بەتوانا (فەهمی فەقێ ڕەشید قەشان) ساڵی 1946 بۆ5 / 2 / 2003

لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا دڵە گەورەکەی ناو وەرزشکارانی شاری هەڵمەتوو قوربانی لە لێدان کەوت کە زوربەی ژیانی بە وەرزش و خزمەتکردنی وەرزش بەسەر برد.
کاك فەهمی لە ساڵی 1946 لە گەڕەکی چواڕباغ چاوەجوانەکانی بە دونیا هەڵهێناوە لە شاری هەڵمەتوقوربانی. یەکێك بووە لە و ئەندامانەی کە تیپی (ئاکۆ) یان دروستکردووە لە ساڵەکانی 60 دا یاری زانی تیپەکەش بووە، لە ساڵی 1959 هەڵیژێراوە بۆ یانەی سلێمانی
ماوەی 10 ساڵ بەردەوام یاری کردووە پاش وازهێنانی لە یاری کردن دە بێت بە ڕاهێنەری تیپی کارگەی جگەرەی سلێمانی، لەو ماوەییەی کە ڕاهێنەر بووە توانی تیپەکەی بگەیەنێتە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی سلێمانی لە هەمان کاتدا (موچە) واتە پارەی بۆ زۆر یاری زان بڕیبۆوە کەوا نە فەرمانبەر بوون نە کرێکار بوون واتە لە هەموو سەردەمێکدا توانیوێتی یارمەتی زۆر کەس بدات بەبێ جیاوازی، هەموو وەرزشەوانێکی وەك یەك تەماشادەکرد
هیچ کاتێك جیاوازی نەدەکرد لە نێوان وەرزشکاران، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کەس نەی بینیوە بە مۆنی یان بە پەستی ئەگەر تیپەکەشی بیدۆڕاندایە دەموچاوی زەردەخەنەی لێدەباری
کاك فەهمی لە ساڵی 1973 خولی ناوبژوانی بینیوە پاشان بووە بە ناوبژوانی پلەی یەك
لە ساڵی 1976 دەورەی ڕاهێنەری بینیوە لای ڕاهێنەری بەناوبگی یوغوسلافی (کاکا)
کاك فەهمی وەك کرێکارێکی ماندو نەناس ئیشی کردووە لە دروسکردنی بینای یانەی سلێمانی
لە کۆتایدا کەرچی بۆ بکرێت هێشتا هەر کەمە، بە ناوی خۆم وسایتی کوردستان نێتەوەو گشت وەرزشکارێك لە خوای مەزن دەپاڕێینەوە کە جێگای بەهەشتی مەزنی پێ بسپێرێت
ئەنوەر خەراجیانی
پەیەم نێری کوردستان نێت

ساڵی 1978

هەڵبژاردەی سلێمانی لای ڕاست لە سەرەوە / نەجاد وەهاب / ئازاد وەهاب / عەبدوڵڵەی حاجی / نەجمەدین / حەمە بچکۆل / ئەنوەر خەراجیانی / لەتیف / خوالێخۆش بوو کاك فەهمی فەقێ ڕەشید
ڕیزی خوارەوە دەستی ڕاست / ئومێد حەمە فەرەج / ڕۆستەم / فازیلی حاجی عەبدوڵڵە
فەرەیدون / ڕەحیم / بەهادینی ئەحمەد کەلان
خوالێخۆش بوو کاك فەهمی فەقێ ڕەشید